# کورد لەژێر سایەی رژێمی بەعسی سوریا

## عەلی کەندی

باری چەوسانەوەی کورد لە رۆژئاوای کوردستانی لکێندراو بە سوریا جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ بەشە کوردستانەکانی دیکەی لکێندراو بە تورکیاو ئێران‌و ئێراق، تەنیا بەبێ باری دەسەڵاتی ئەو وڵاتەو پەیوەندی ناوچەو هەرێم‌و نێودەوڵەتی‌و هەرەمی ئەو دەسەڵاتە نەبێت ئەویش بەپێی پێك هاتەی ئەو دەسەڵاتە لەبوارەکانی پارت‌و نەتەوەو ئایینی‌و ناوچەیی‌و هەرێمی لەجیهان بە یەکەوە بەستراو لەهەموو بوارە جیاجیاکان.



رژێمی بەعس لە سوریا هەروەك رژێمی بەعس لە ئێراق لە 1963/3/8 لەرێگەی کودەتای سەربازی دەسەڵاتی گرتە دەست‌و تاکو ئێستا لە دەسەڵات بەردەوامە بەهەمان شێوەو شێوازی رژێمی بەعسی لە ئێراق‌و گەر جیاوازی هەبێت

بەشێوەیەکی بەرچاو نیەو گەرهەش بوو بێت بەپێی باری هەڵکەوتەی جوگرافیو رامیاریو ناوچەو هەرێمییە، ئەویش لەلایەن رژێمی تورکیاو لەلایەکی دیکە رژێمی جوولەکە لە ئیسرائیل کە ئەمەش کاردانەوەی تەواوی خۆی هەیە لەسەر باری رامیاریو ئابوریو سەربازی لەهەرێمەکەو ماوەنەبونی بەپەل هاویشتنی لەقەبارەی خۆی جا لە هەر بوارێك بێت لە بوارەکانی پەیوەندیو ئابووریو رامیاریو سەربازیو ناوچەو هەرێمو جیهان کە ئەمەش بەندە بەگرژکردنەوەی باری دەسەلاتو بەدەرنەچونی لەباری رامیاری ناوچەو هەرێمەکە.

"1"

**بەلاسایی کردنەوەی دەسەلاتی سەرکردەی یەکیەتی سۆڤیەت ستالین لەبارەی کورد لەکۆماری ئەرمینیا بەتایبەتی شاری یەریڤانو دەوروبەرو ناوچەکانی دیکەدا دابەشکردنی کورد بەسەر کۆمارە جیاجیاکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو**

سوریا وشەیەکی عەرەبی نیە بەڵکو وشەیەکی ئاشوریەکانە کەلە وشەی (سریا-سویا-سورایا) هاتووەو وردە وردە بەپێی پەرەسەندنو پێشکەوتنی قۆناغە یەك لەدوای یەکەکان بۆتە وشەی سوریا بەتایبەتی لەگەڵ دروستکردنی سنوری جوگرافیای دەوڵەتی سوریا لەسەر خاکی گەلانی هەرێم کە بەتایبەتی رۆژئاوای کوردستان..شایانی باسە رووبەری دەوڵەتی سوریا 185.180م2 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە کەلەو رووبەرە 18000هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی خاکی رۆژئاوای کوردستانەو بەپێی پەیمانی جێبەجێکردنی لوزانی 1923/7/24 بە دەوڵەتی دروستکراوی سوریا لیکێندراوە..ژمارەی دانیشتوانی سوریا 15.800.000 کەسەو لەو ژمارەیە 2.300.000کوردە بەپێی زانیاری لەئاماری 2003دا..رێژەی کورد لە دانیشتوان پێك هاتەکانی سوریا 12.5٪..بەر لە دروستکردنی دەوڵەتی سوریا هەرێمی شامیان پێ دەگوت کەلە هەرێمی سوریاو ئوردنو لوبنانو بەشێك لە فەلەستین پێك هاتبوو..چونکە ولاتی شامی کۆن لەلایەن (قبتیە) میسریەکان کراوەتەوە پێش 1500ساڵ بەر لەزاینو دوایی لەلاین عبرانیەکان داگیرکراوەو دوای ئەوانیش ئاشوریو کلدانیەکانو فارسو دوای ئەوانەش یۆنانیەکان، ئەویش بەهۆی نەبونی تورکو عەرەب لەو ناوچەو هەرێمەدا. لە ماوەی ساڵی 64 پێش زاین تاکو هاتنی ئیسلام بۆ ئەو ناوچەیە لە ساڵی

636ی زایینی هەرێمی شام پارچەیەك بووە لە ئیمپراتۆریەتی رۆمانیو چەند ماوەیەكی كورت نەبێت كە بازرگانە عەرەبەكانی دورگەی عەرەبی كردویانە بە مەڵبەندی بازرگانی خۆیان.

دوای ئەوە سوریای ئێستا بوە دووبەشی ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی مەگۆڵەكان لە ساڵی 1260ی زایینی، دوای ئەوە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەر لەدوای شەڕی چالدێران لە 1514/8/23 توانی هەرێمی وڵاتی ئێستای سوریا داگیربكاتو بیكاتە بەشێك لە وڵاتی توركیای عوسمانی تاكو جەنگی یەكەمی جیهان لە 1914/8/3 تا كۆتایی جەنگ لە 1918/8/30بە هەرەس پێهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو دابەشكردنی پاشماوەكەی لەكەلوپەلی سەربازیو سامانە زۆرەكەی كە لەژێر دەسەلاّتی بوو..

لەماوەی دەسەلاّتی عوسمانی لە شامو گرنگی دان بە ئایینی ئیسلامو پشتگیری كردنی عەرەب بەهۆی ئایینی ئیسلام بوە هۆكارێكی سەرەكیو بنەڕەتی لە یارمەتی دانی لەكۆچ كردنی بەدەیان هەزار خێزانی عەرەبە رەوەندەكانو بازرگانەكانی عەرەب لە دورگەی بیابانی عەرەبی ناوچەو هەرێمی شامو نیشتەجێ بوونیان بە لایەنگرانی دەسەلاّتی عوسمانی لەناوچە جیاجیاكانی ئێستای سوریا..ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هۆكارێكی سەرەكی بوون لەچەندین ناوچەو هەرێم لە رۆژهەلاّتی ناوەراستو پەرەپێدانیان لەهەمان كاتدا ژن هێنان لەهۆزو تیرە عەرەبەكانو مانەوەی جەندرمەكانی تورك لەنەتەوە جیاجیاكانی لەپێك هاتەی دەسەلاّتی دەوڵەتی عوسمانیو بونیان لەناوچەكەو هەڵبژاردنی نەژادی تورك بۆخۆیانو كە ئێستاش ناسراون بەنەتەوەی تورك..بەلاّم لەراستیدا ئەو پاشماوەیە تورك نین بەڵكو لەكوردو عەرەبو ئاشوریو ئەرمەنو كلدانو ئارمی نەتەوە پێك هاتوون، بەتایبەتی لەناوچە گوندنشینەكان بەهۆی دواكەوتوویيو نەبوونی رۆژنامەو گۆڤارو رادیۆ یان رێكخراوی وا كەبتوانێ نژادەكان لێك جیابكاتەوە لە رەچەڵەكداو بنەمای سەرەكیش دەگەراوە سەر یەكەم: برای ئایینیو دووەم درِندەییو مل كەچ كردنی گەلاّنی ژێردەستی عوسمانی بە هەڵبژاردنی نژادی توركو پەیوەندییە جیاجیاكان.

## "2"

پەل هاوێشتنی عەرەب بەرەو خاكی رۆژئاواو باشوری كوردستانو ناوچەكانی دیكەو هەلاّتنیان لە دورگەیەكی بیابانی لماویو زریانی تۆزو بای بەردەوامو وشكانیو بێ بارانیو نەبونی ژیان تێیدا. ئەمەش سەرەرای بوونی دەسەلاّتی ئیماراتی كوردی لەناوچەكە بەتایبەت ئیماراتی ئێزیدیەكان لە سنجارو ئیماراتی دروزیەكان لە

حەلەبو نەبونی ئایینی ئیسلام لەو ناوچانەو بونی ئایینی دیکە وەك ئایینی ئێزیدیو زەردەشتیو مەسیحیو ئارامی، لەهەمان کاتدا دروست بوونی کێشەی ئایینیو نەتەوەیی لەنێوان کوردو ئێزیدیەکانو زەردەشتەکانو ئیسلامی عەرەب. بەپێی نوسراوی گەرۆکی بەناوبانگی جیهانی (کزینفۆنی) بەناوی (ئانایاسی) لەبارەی مێژووی کورد لە قۆناغی دەوڵەتی دۆستەکی لە ساڵەکانی 282 تا 1086کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەسەڵاتیان هەبووە بەتایبەتی نیشتەجێ بوونی تەواوی ناوچەی کورد لکێندراو بە سوریای ئێستاو دوای ئیمپراتۆریەتی ئەیوبیەکان کە ئەو دەسەڵاتە نزیکەی 400 ساڵی خایاندوە، رۆژئاوای کوردستانی لکێندراو بە سوریای ئێستا ناوچەیەکی گرنگ بووە لەلایەن ئەوان بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیو کەشو هەواو سامانە جۆراوجۆرەکانی سەرخاكو ژێرخاك، هەرئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە کوردستان توشی دابەشکردنو داگیرکردن هاتووە لەژێر دەسەڵاتی سەلجوقیەکانو مەگۆلەکانو توشی لەناو بردنی بە کۆمەڵوسوتاندنو وێرانکردن هاتوە لەهەموو لایەنەکانی تا ئەو کاتەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جێگەی ئەوانی گرتەوە لە ساڵی 1516 کە زۆربەی خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی سەفەویو فارس لەنێوان ساڵەکانی 1514-1699 لەکاتی دابەشکردنی دووەمی کوردستان بەپێی رێکەوتننامەی پترۆ سبۆرگی 1915 لەنێوان فەرەنساو بەریتانیاو روسیای قەیسەری،دوای ئەوە پەیمانی سایکس بیکۆ 1916/5/16 نەخشەی دابەشکردنی کوردستان بەچوار پارچەو نیو دارێژراو بەپێی پەیمانی لۆزان 1923/7/24جێ بەجێکرا بەپێك هێنانو دامەزراندنی چوار دەوڵەتی دژ بەیەکتری لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا تەنیا لەسەر کێشەی کورد کۆك بوون ئەویش تورکیاو ئێرانو ئێراقو سوریا.

## "3"

پەیمانی سپێڤەر لە 1920/8/10 بەروونیو بەباشی باس لە بارەی کێشەی کورد دەکات لەو بەشەی کە بە سوریای ئێستا لێکندراوە لەبەشی 3 لە برگەی 62و لە خاڵەکانی 32,11,27کەدوایی سوریاو لوبنانی دەگرتەوە بەدەرکەوتنی ناوی رۆژئاوای کوردستان لێکندراو بە سوریا ئەویش لە دوای مۆرکردنی پەیمانی لۆزان..شایانی ئاماژە پێکردنە کە بەڕای من پەیمانی سیڤەر تەنیا پەیمانێك بوو لەپێناو دوو ئامانجی سەرەکی ولاَتانی هاوپەیمانی بە سەرکردایەتی بەریتانیای مەزنی ئەوکات ئەویش:

1- هێورکردنەوەی بزوتنەوەی رزگاری گەلانی ناوچەو هەرێمە جیاجیاکان بەتایبەت بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد ئەویش لەرێگەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بەبڕیارو لیژنەو رێنمایەکان بۆ چارەی کێشەی کوردو مافەکانی بەتایبەت لە باکورو باشورو کوردستان تا ئەوکاتەی خواستەکانیان دێتەدی لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا.
2- گەمارۆدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستان بەگشتیو باکورو باشوریو کوردستان بەتایبەتی لەهەردوو بواری نەتەوەییو نیشتمانیو دامرکاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی،..بەلگەش زۆرن وەك شۆڕشو دەسەلاتی شێخ مەحمودی حەفید لە باشوری کوردستانو شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە باکوری کوردستان..چەندین بەلگەی دیکە چ لە بانگەوازە چواردە خاڵییەکەی سەرۆکی ئەمریکاو ئەویش لە بەندەکانی 62-63-64 لەبرگەی 3 لەپەیمانی سیڤەردا ناونیشانی کوردستانو چەندین بڕیارو رێنمایی دیکەی کۆمەڵەی گەورە لەبارەی چارەسەری کێشەی کورد، بەلام هەر لەپێناو تەواو کردنی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە بووە کە باسمان کرد ئەویش ئاواتو ئامانجەکانیان لە جێبەجێکردنی ئەو دوو خاڵە هێنادی.

## "4"

کورد لەسوریای دورست کراو لەسەر خاکی گەلانی هەرێم بەتایبەتی رۆژئاوای کوردستان، دانیشتوی کۆنی ئەو ولاتەن لە شاخو بنارەکانی شارو شارۆچکەکانی حەلەبو حومسو عەفرین دەشتەیەکانی ئارسورو دەریاچەی باسلو رۆژهەلاتی زێی فورات..سەرەرای ئەوەش دەسەلاتە یەك لەدوای یەکەکانی سوریا کوردیان بە کۆچبەر ناوزەند کردووە، وەك تورکیا کە کوردیان بە تورکە شاخاوییەکان ناوزەند کردووە..بەلام بەهۆی پەرتو بلاوە پێکردنیان بەسەر شارەکانی سوریا بەتایبەتی شاری دیمەشق پایتەختی سوریا کە چڕی دانیشتوانی لە رۆژئاوای کوردستان بەرچاو نیەو لەهەمان کاتدا زمان رۆلی گرنگی هەیە لەگەل جلوبەرگو قەدەغە کردنی زمانو جلوبەرگ کەوای کردوە کوردی ژێر دەسەلاتی حکومەتی سوریا دەرخستنی بەخۆوە نەبینێ هەتا لە دامو دەزگاکانی رژێمی بەعسی سوریا، نەبونی ناسنامەو رەگەزنامەی کوردیو ماوە پێنەدانیو سوتاندنیو بزرکردنی بە دەیان هەزار تۆمارگەی تۆماری کورد..بۆنمونە (ویورد ستیڤن همسای لولفریك) لە پەرتوکەکەی لەلاپەرە 321 لە راپۆرتی سالانەی سالی 1937 نوسیویەتی لەبارەی دابەشی دانیشتوانی بیابان بەو شێوەیەی خوارەوە کە 42000هەزار عەرەبی ئیسلام، 85000هەزار کورد+3500 کوردی ئێزیدی= 88500هەزار کورد، 31000هەزار

مەسیحی کەپێك هاتوون لەئەرمەن‌و ئاشورو کوردی تیایە، 1000 جولەکە کە ئەمانەش لە عەرەب‌و کورد پێك هاتوون ..هەروا ئەمە سەرهەڵدانی ئەوەی کە دەسەڵاتدارە عەرەبەکان بەهەموو توانا هەوڵی لەناوبردن‌و بزرکردن‌و سوتاندنی بەڵگەنامە مێژووییەکانی کوردیان داوەو وێرانیان کردوەو کەراستیش ئەوە دەسەلمێنێ کە 1000 گوند تەنیا لە پارێزگای حەلەب هەبووە لە ساڵی 1915 جگە لەناوچەکانی دیکەی رۆژئاوای کوردستان کەهەر هەموویان کورد بونە..

"5"

ناوی کوردو نەتەوەی کورد بەهیچ جۆرێك لەدەستورە شۆڤێنیەکانی رژێمەکانی سوریا نەهاتووەو زیاتر لە رژێمی بەعس لە ئێراق کوردی چەوساندۆتەوەو دەربەدەرو پەرت‌و بلاّوەی پێکردون بەلاسایی کردنەوەی دەسەلاّتی سەرکردەی یەکیەتی سۆڤیەت ستالین لەبارەی کورد لەکۆماری ئەرمینیا بەتایبەتی شاری یەریڤان‌و دەوروبەرو ناوچەکانی دیکەدا دابەشکردنی کورد بەسەر کۆمارە جیاجیاکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، سەرەرای ئەوەی کورد لە رۆژئاوای کوردستان لێکندراو بە سوریا دەست بەرداری خەبات‌و تێکۆشان نەبونە بەڵگەش سەرەك هۆزو تیرەو رۆشنبیرو روناکبیرانی کورد لەسەردەمی ئنتدابی فەرەنسا لە 1928/6/23 بە ئاراستە کردنی یاداشتێك بۆ دەسەلاّتەکانی فەرەنسا بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی کۆمەڵەی دامەزرێنەری سوریا کە داوای رێگا چارەی رزگارکردنی کردوە، کردنی زمانی کوردی بە زمانی رەسمی لەتەك زمانی عەرەبی لە خوێندنگاو دام‌و دەزگاکانی دەوڵەت..دوای ئەوە بەرپابوونی راپەرین دژی فەرەنسا لە ساڵی 1930 کە کورد بەشداری تەواوی کرد، دوای ئەوەی فەرەنسا دانی بەسەربەخۆیی سوریا نا لەژێر ئینتدابی فەرەنساو بەردەوام بوونی راپەرینەکان تاکو ساڵی 1939..لەدوای وەرگرتنی دەسەلاّتی بەعس لە 1963/3/8 لە سوریا، کە هەردوو پارتی بەعسی سوریاو ئێراق دوولایەنی دژ بەیەکتری بوون لەپێناو فراوانکردنی سنوری جوگرافی‌و بەعەرەب کردن‌و گەماورۆدانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد ئەویش بە بەشداری هاوبەشی هێزی سوپای سوریا بۆ بۆردومانکردنی ناوچەکانی باشوری کوردستان لە 1963/6/30 بۆ لێدانی بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلول..هەردوای ئەوە رژێمی بەعسی سوریاو رژێمی بەعسی ئێراق لە شارۆچکەی زاخۆ کۆبوونەوەیەکیان لە 1963/10/22 ئەنجامدا بە مەبەستی گەمارۆدان‌و لەناوبردنی شۆڕشی ئەیلول کە رژێمی سوریا زیاتر لە 3000هەزار سەربازی بەهەموو جۆرە چەکێك خستە خزمەتی رژێمی بەعس لە ئێراق..، ئەمە لەلایەك‌و لەلایەکی دیکەش پارتە رێکخراوە

نیشتمانیو دیموکراتیو سوشیالیستی لە سوریا پشتگیری کوردو مافەکانیو ئێشو ئازارەکانیان نەکردووە بەتایبەتی پارتی کۆمۆنیستی سوریا کە سکرتێری پارتەکە (خالد بەگداش) کە کوردبوو، لەراگەیاندێکی دا گوتی (یەکێتی عەرەب بڕبڕەی رامیاری کۆمۆنیستەکانە) لەگەڵ ئەوەشدا ناوی کوردو هیچ نەتەوەیەك لەپەیڕەوو پرۆگرامی پارتەکەیان نەبووە، کەچی پارتەکەیان لەهەموو نەتەوەکانی سوریا پێك هاتووە..

## "6"

لەدوای مردنی سەرەك کۆماری سوریا حافز ئەسد سەرەتا ساڵی 2000و جێگە گرتنەوەی بەشار ئەسەد بەسەرەك کۆماری سوریا لەسەر هەمان رێبازی باوكو رێنماییو ئایدیۆلۆژیەتی بەعسی شۆڤێنستی بیروبۆچونی نەتەوەییە بەرچاو تەنگی عەرەب کەوتە گیانی کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان لە شاروشارۆچکەو گوندەکان بەتایبەت شاری قامشلی لە 2005/3/13 لەوکاتەی کوردەکان بەرگریان لەخۆو نیشتمانەکەیان دەکرد دژی رژێمی بەعسی سوریا بە سەرکردایەتی بەشار ئەسەد کەبووە هۆی شەهید کردنی زیاتر لە 40 هاوولاتی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی بەتایبەتی لە شاری قامشلی زامدار کردن بە دەیان هاوولاتیو بەند کردنی بەسەدان هاولاتی دیکەو دەربەدەر بوونی بەسەدا خێزانی کورد بۆ باشوری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق، ئەمەش جگە لە دادگایی کردنی هاوولاتیانی کورد لە دادگا سیخوریو سەربازییەکانی رژێمی بەعس لە سوریا. هەروەك رژێمەکانی تورکیاو ئێرانو ئێراق بەشداری تەواوی کرد لەهەمان رامیاریەتی جینۆسایدو دەربەردەرو وێرانکردنو سوتاندنو بەند کردنو شەهید کردنی هاوولاتی کورد لەسەر خاکی دایکی خۆی، هەروەك دەلێن: تا مافخوراو دزی گرت، دز مافخۆماری گرت.. هەروا بەشداری هاوخەموو هاوبەشی تەواوی ولاتانی کوردستان پێلکێندراو کردیە بە بەشداری کردن لەکۆرو کۆبوونەوەو کۆنگرەکان لەسەر باری ئێراق بەتایبەتی باری کورد لەدوای راپەرینی ئاداری 1991 لەباشوری کوردستان ئەویش بە بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی وەزیرانی دەرەوەی هەر چوار ولاتی داگیرکەری خاکی کوردستان بە پشتیوانو هاوکاری ئەمریکاو بەریتانیا لە 1992/11/14 لە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا، هەروا کۆبوونەوەی وەزیرەکانی دەرەوە لە 1993/2/10 لە 1994/6/2و دوا کۆبوونەوەشیان بەشداری کردنی لە کۆنگرەی شەرمشێخی میسری لە 2004/11/22، جگە لە پەیوەندیو کۆبوونەوەو هەوڵە نهێنیەکانی نێوان هەرچوار دەوڵەتی تورکیاو ئێرانو ئێراقو سوریا لەپێناو جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان لەسەر

ماوە نەدانو چارەسەر نەکردنو گەمارۆ دانی کورد لەسەر خاکی کوردستان پێنـەدانو بە مافی کورد..

## "7"

رامیاری هاوبەشی ولأتانی داگیرکەری خـاکی کوردسـتانو رەفتـارو هەلۆێـستو مامەڵـە کردنو پەیوەندیان لەگەڵ کورد روونو ئاشکرایە چە بەر لە دابەشکردنی کوردستانو چـە لـەدوای دامەزرانـدنی سـنوری جـوگرافی ولأتەکـەیان لەسـەر خـاکی کوردسـتانو نـەگۆڕی بیروبۆچـوونیان لـە مامەڵـەکردن بـەپێی پەرینـەوەی قۆناغـە یـەك لـەدوای یەکـەکانی بـارودۆخی ناوچـەو جیهـان، ئـەویش بـە پـشتیوانیو لایـەنگیری تـەواوی ئەمریکاو هاوپەیمانو مەلۆتکەکانیان لەناوچەکەو..لەماوەی دەسەلأتی رژێمـی بـەعس لە سـوریا لـە 1963/3/8 رۆژ لـەدوای رۆژ رامیاریـەتی توندوتیـژتری گرتۆتـە بـەرو بـەپێی کـۆنگرە یـەك لـەدوای یەکـەکانی کـەدوا کـۆنگرەی کـۆنگرەی دەیـەمی پـارتی بەعسی عەفلەقی سـوریا بـوو لـە 2005/6/6 لەسـەر هـەمان رێبـازو هـەمان تیئـۆری هـەمان هەلۆێـست چـە بەرامبـەر بـە ولأتـانی دیکـەو چـە بەرامبـەر بەکێـشەی کوردو نەگۆڕی بیرو بۆچونەکان لەهەموو بوارە جیاجیاکان..سەرەرای بونی کێشەو ململانێـی دژوارو تەشـەنەداری لەگـەڵ ئیـسرائیلو لوبنـان کـەجێگری سـەرەك کۆمـاری سـوریا عەبدولحـەلیم خـەدام لـە 2005/12/30 دەسـتی لـە پۆسـتەکەی کێـشاوەو هـەموو تاوانەکانی رژێمی بەعـسی خـستە ئەسـتۆی سـەرەك کۆمـاری سـوریا بەشـار ئەسـەد لـە کێشەو گرفتەکانی ناوخۆی دەسەلأتی بەعسو چە لەدەرەوەی نـاوخۆی ولأتـی سـوریاو بەتایبـەتی دەسـت تێـوەردان لـە کاروبـاری لوبنـانو تیرۆرکردنـی سـەرەك وەزیرانـی پێـشووی لوبنــان (رەفیــق حــەریری)و یارمــەتی دانــی پــارتو رێکخــراوو گروپــە تونـدرەوەکانی ئیـسلامی بەتایبـەتی جولانـەوەی حـەماس لـەدوای سـەرکەوتنی لـە هەڵبژاردنــەکانی پەرلــەمانو حکومــەتی فەلەســتینو پێــك هێنــانی حکومــەت بەسەرکردایەتی حەماسی ئیسلامی سەرەرای گـەمارۆو دڵخۆشـکەرو نـەکردنی ولأتـانی ئەوروپا بەتایبەتی ئەمریکاو هاوپەیمانان.

## "8"

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق بەرووخاندنی رژێمی بەعس لە ئێراق بەسەرکردایەتی سـەدام حـسێن لـە 2003/4/9 کاردانـەوەی کاریگـەری کـردە سـەر ولأتـانی دراوسـێی ئێراقو هەرێم کـە بەتایبـەتی بـاری دەسـەلأتی کوردی لـە باشـوری کوردسـتان لەسـەر

بەشەکانی دیکەی کوردستان رژێمی دەسەڵاتی تورکیاو ئێران‌و سوریا کاردانەوەی لەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی رۆژئاوای کوردستانی لکێندراو بە سوریا، ئەویش بەگرێدانی کۆنگرەی کوردی رۆژئاوای کوردستان لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا لەنێوان نوێنەرانی کوردو لایەنەکانی دیکەی ئیۆزسیۆنی پێك هاتەکانی سوریا 2006/3/12 هەروا گرێدانی کۆبوونەوەی جێگری پێشووی سەرەك کۆماری سوریا عەبدولحەلیم خەدام لەگەڵ نوێنەرانی مسیحی لە سوریا لە برۆکسل پایتەختی بەلجیکا لە 2006/3/18 دوای ئەوەش لە 27-2006/5/29 لەسەر داوای لیژنەی کوردی‌و ئەمریکی بۆ دیموکراسی لە سوریا ئەویش بەگرێدانی کۆنگرە بە ئامادەبوونی زیاتر لە 100کەسایەتی سیاسی‌و رۆشنبیرو نوێنەری پارتە کوردیەکان لە سوریاو کەخۆی لە 15پارت‌و رێکخراوو گروپ دەداو لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی ناوداری دیکە لەپێك هاتەکانی ولاتی سوریا لە برۆکسلی پایتەختی بە لجیکاو ئەمەو بەدەیان چاوپێکەوتنی لەنێوان پێك هاتەکانی بەرهەڵستکاری رژێمی بەعس لە سوریاو لەپێناو گۆڕانکاری کردن لە رژێمی سوریا بەپێی پێداویستیەکانی بارودۆخی ناو سوریاو ناوچەو هەرێمە رامیاریەتی نێودەوڵەتی. لەکۆتایی دەڵێم: کورد خاوەنی ئەزمونێکی پڕ لە تاقیکردنەوەیە لەهەموو بوارە جیاجیاکانی لەگەڵ ولاتانی داگیرکەری گەل‌و نیشتمان‌و تاقیکردنەوەکانی ناوخۆی خودی کوردو جولانەوەی رزگاریخوازی کوردو سەرکردایەتی کورد..کە قوتابخانەیەکی بێ وێنەیە لە فێربوون‌و زانینی‌و هەڵسەنگاندن‌و مامەڵەکردن‌و پەیوەندی کردن‌و راگرتنی هاوسەنگەکەیە بەپێی دروستکردنی هاوکێشەکان لە رەفتارو پەیوەندی‌و داخوازیەکانی گەلی کوردستان جا لەهەر بەشێك لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بێت. ماوەنەدان‌و ئاسانکاری نەکردن بۆ دوژمنانی گەل‌و نیشتمان چونکە بار لەبارەو رامیاریەتی ناوچەو هەرێم‌و جیهان بەرەو گونجاوتر هەنگاو دەنێ‌و ئێمە نابێ لەبارو دۆخە داوکەوتوی کە ئێستا بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە شاڵاو بردنە زیاتر لەوەی لەبەرگریکردن لەهەموو بوارە جیاجیاکان بەتایبەتی لەبواری نەتەوەیی‌و نیشتمان ئەویش بەهێنانەوی ئاوات‌و ئامانجە نزیك‌و دوورەکانی گەلی کوردستان لە سوریاو بەزۆر دروستکراو لەسەر خاکی گەلانی ولاتەکە کە بەتایبەتی خاکی کوردستان.